کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-4-2007 22:37

## نوێنەری قەداسەتی (پاپا شنودە) :- حکومەتی کوردستان باشترین سیستەمی پێکەوە ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجی دەکات ... دیمانە – مەریوان نەقشبەندی

هەولێر

بە نوێنەرایەتی قەداسەتی (پاپا شنودە) مەرجەعی گەورەی قیبتیە ئەرسدۆکسیەکانی جیهان و سەرۆکی قیبتیەکانی میسر. قەشە (شنودە حەکیم شنودە) سەرپەرشتیاری قیبتیەئەرسدۆکسەکانی عێراق و ئەردەن. سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی کرد و خۆشحاڵی خۆی بۆ بارودۆخی ئارامی هەرێمی کوردستان و رەوشی ئاینی هەرێمەکە دەربڕی. بۆ بەدیار خستنی ئامانجی سەردانەکەی وبۆچون و تێڕوانینی قیبتیەکان لەسەر ئەو گۆرانکاریانەی لە ناوچەکەدا رودەدات و ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کە مەسیحی تێدایە چەند پرسیارێکمان



لێکرد :-

سەرەتا دەربارەی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان گوتی:

من سەرپەرشتی کاروباری تائیفەی ئەرسدۆکسیەقیبتیەکانی عێراق وئەردەن دەکەم و وەك ئەرکێکی خۆم چەندین جار سەردانی عێراقم کردوە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە (500) قیبتی ئەرسدۆکسی تێدایە و بەشی هەرە زۆریان لە پارێزگای سلێمانی دەژین و لەبەر ئەوەش سەردانەکەم بۆ کوردستان لە سلێمانیەوە دەست پێکرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کاروباری مەسیحیەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان سەردانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لە سلێمانی کردو دواتریش سەردانی وەزارەتی ئەوقافم کرد و پەیامێکی قەداسەتی (پاپا شنودە) م گەیاندە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە تیایدا سوپاس گوزاری قەداسەتی پاپاشنودە و سەرجەم ئەرسدۆکسی جیهانم پێشکەش بە سەرۆك و حکومەت و گەلی کوردستان کرد بۆ ئەو سۆزداریەی لە کوردستاندا بەرامبەر مەسیحیەکانی کوردستاندا هەیە، هەروەها چەند داواکاریەکم پێشکەش بە وەزارەتی ئەوقاف و بەرپرسانی حکومەتی کوردستان کرد کە بۆ زیاتر چەسپاندنی گیانی پێکەوە ژیانە لە هەرێمی کوردستاندا و زۆر بە راشکاوی دەڵێَم حکومەتی کوردستان باشترین سیستەمی سیاسی و ئیداری بۆ پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا جی بەجی دەکات و ئەم جیاوازیەی ئێستا لە نیوان هەریمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا

هەیە نیشانەی حیکمەت و توانای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستانە لە جێبەجی کردنی ئەم سیستمەدا.

سەبارەت بە رەوشی ئاینی لە میسر و وڵاتانی عەرەبی کە مەسیحی تێدایە نوێنەری پاپا شنودە گوتی: بەدرێژایی مێژوو قیبتیەکان لە میسر فاکتەری ئارامی و سەقامگیری و پێشخستنی کۆمەڵگای میسری بوون مەسیحیەکان لە میسر و هەموو ئەو وڵاتانەی کە تیایدا دەژین بەشداریەکی ئیجابی و کاریگەریان هەبو ە لە دروستکردنی شارستانیەتەکاندا، ئەگەر چی بە هۆی تێنەگەیشتن و لە یەکتر حاڵی نەبوون

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-4-2007 22:37

هەندی جار قیبتیەکان لە میسر دوچاری هێرشی نارەوا بونەتەوە و هەندی کەناڵی ڕاگەیاندنی عەرەبیش دەوریان هەبوە لە ووروژاندنی گیانی توندو تیژی و توند ڕۆیی لە ناو موسڵمان و مەسیحیەکاندا بەڵام من دڵنیام موسڵمان و مەسیحیەکان لە کۆتایدا دەگەنە شێوازێکی شایستەی پێکەوە ژیان چونکە هەموان باوەرمان بە تەنهایی خوای گەورە هەیە و ئاینە ئاسمانیەکان بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هاتون ودەکرێت مەرجەعە ئاینیە کان بەسەر ئەو گیرو گرفتانەدا سەرکەون کە بەداخەوە لە هەندێك جێگا دەبینرێت.

سەبارەت بە تێروانینی قیبتیەکان لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەگەری سەردانی قەداسەتی (پاپا شنودە) بۆ هەرێمی کوردستان قەشە (شنودە حەکیم) گوتی:-

پاپا شنودە لە ڕێگای مەسیحیە ئەرسدۆکسیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە ئاگاداری ڕەوشی سیاسی و ئاینی و ئابوری و کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستانن. ئەم سەردانەی منیش دوای ئەو تێروانینەی بەرێزیانە لەسەر هەرێمی کوردستان و پێشبینی دەکەم بەردەوام بوونی ئەم رەوشە ئارامەی هەرێمی کوردستان (پاپا شنودە) هان بدات سەردانی هەرێمی کودستان بکات و ڕەنگە داوەتێکی جەنابی سەرۆکی هەرێم کاك (مەسعود بارزانی)

بەس بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم سەردانە، بەشێوەیەکی گشتی مەسیحیەکانی کوردستان لە چاوەڕێی ژیانێکی کامەران و بەختەوەردان و لەم سەردانەدا ڕێنمایمان کردن بە هەمو تواناینەکیان لەگەڵ موسڵمان و خەڵکی دیکەی کوردستاندا کار بۆ گەشەکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان بکەن و پشتیوانی لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکەن.

لەبارەی توندرۆیی ئاینی و ئەگەری پێکدادانی شارستانیەتەکان گوتی:

ئاراستەیەك هەیە دەیەوێت لەرێگای بەسیاسی کردنی ئاینەکان ڕەوشی ژیان لەهەموو بوارێکەوە بگۆڕن، بەڵام ئەوەی دەبینرێت گۆرانکاریەکە بەرەو باشترکردن نیە بەڵکو بەرەو ململانێیەکە کە ململانێی ئێمە نیە، بەواتایەکی دیکە خەڵکانێك دەیانەوێت بەزۆر خۆیان بکەنە نوێنەری ئێمە و خەڵکێکیش هەیە دەیەوێت خۆی بکاتە نوێنەری ئیسلام، بەڵام لەراستیدا ئەوانە مەبەستی سیاسیان هەیە و ئامانج حوکمرانیەکی نامرۆڤانەیە و کاتێکیش دەگەنە دەسەلات پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و گەشەکردنیان پێنیە، ئێمەی قیبتیەکان لەرێگای قەداسەتی پاپاشنودە چەندین جار بە سەرۆك حوسنی موبارەکمان گوتوە کە نامانەوێت ئاینەکەمان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنین و باشتریش وایە خەڵکی دیکەش هەروابکات، ئێمە لاوەکانمان لەسەر خۆشەویستی و پێکەوەژیان و کارکردن لەپێناوی ئایندەیەکی باشتردا ڕاهێناوە، نابینە فاکتەری شەڕ و کوشتار و هەمیشە بۆ خێر و خۆشی میللەتەکەمان و موسڵمانان و هەموو میللەتانی جیهان کاردەکەین،

سەبارەت بە مافی کورد لە دروستکردنی دەوڵەت و کیانی خۆیدا گوتی: گەلێك خاوەنی خاك و پەرلەمان و حکومەتی خۆی بێت و لەم گێژاوەی عیراق و ناوچەکەدا ئەم دوورگە ئارامەی بۆ خۆی دروست کردبێت و لەسایەیدا گەلانی ناوچەکە بۆ سەقامگیری و ژیانێکی ئارام و بەختەوەری و پاراستنی کەرامەت پەنای بۆ ببەن شایانی هەموو مافێکن و دەبی هەموان ڕێزی لێبگرین.

لە کۆتایدا گوتی: عێراق بە ڕەوشێکی ئاڵۆزدا تێپەر دەبێت و هیوامان بۆ سەقامگیری ئەم وڵاتە لە هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمە لە هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی و حکومەتی کوردستان دڵنیاین و دەزانین مەسیحیەکان لە دەستێکی ئەمیندان و ئەو سۆزداریەی لە هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت هانیان دەدات کە لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ئەم وڵاتەدا بەشداربن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.